**ناوەندی هەڵەبجە**

**دژبەئەنفالکردنوجینۆسـایدکردنی گەلی کـورد – چاک**

The centre of Halabja against Anfalization and genocide of the Kurds – CHAK


# بۆ بەرێز وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان

## بابەت: پێشنیارو پرۆژە

وەک ئاگادارن لە کۆی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەتایبەتی ئەوانەی لەشوێنی کۆمەڵکوژیەکان، یان لەقەراغی گۆڕەکان دەربازبوون ژمارەیەکی زۆر کەمنو تەنها ١٢ کەسنو لەوانەش تەنها ١٠ کەسیان لەژیانداماون لەناو ئەوانەشدا ٥ کەسیان لە ئەمریکاو یەک کەسیان لە وڵاتی سویدو ٤ کەسیان لە هەرێمی کوردستان دەژین .

کە بریتین لەو بەرێزانەی خوارەوە کەلەخشتەیەکدا ناوەکانیان هاوپێچکراوە.

**پرۆژەکە:**

## ئێمە وەکو ناوەندی چاک و گۆڤاری ئەنفالستان پێشنیار دەکەین کە :

١. دۆسێی ئەم (١٠) دەربازبووەی ئەنفال بکرێتە پرۆژەیەکو لە ٢٠١١/٤/١٤ مەراسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ ساز بکرێتو لەسەر ئاستی عێراق بەمەرسومێکی کۆماری وسامی شەرەفیان پێبدرێت .

٢. ناوەندی چاک بەهاوکاریو هەماهەنگی وەزارەتی شەهیدانوئەنفالکراوان مەراسیمێکی ڕێزلێنانیان لەسەرئاستی هەرێم بۆ سازبکاتو پێشوازیەکی شایستە بکرێنو لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە وسامی شەرەفیان پێببەخشرێتو بریار بدرێت کە ئەم کەسانە لەقوربانیەوە ببنە هاوڵاتی شکۆمەندی کۆمەڵگای کوردستان.

٣. بە فەرمانێکی وەزاری بێنەوە لەکوردستان بژین، هەڵبەت بەشێوەی ئارەزومەندانە (ئەوەی دەخوازێت بێتەوە کوردستان ) شوێنی نیشتەجێبوونیان هەلبژێرنو بەموچەیەکی شایستە ژیانیان دابین بکرێت .

٤. ئەو سێ دەربازبووەی تر کە لەدوای دەربازبوونیان شەهیدوون یان جارێکی تر بێسەروشوێنکراونەتەوە خەڵاتو ویسام بیانگرێتەوەو بدرێتە کەسوکاریان .

بەپێی نزیکی لێیانەوەو بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ناوەندی چاک و گۆڤاری ئەنفالستان کەوتوون ئەو قوربانیانەی ئێستا لە وڵاتەیەکگرتووەکان دەژین لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆچەوە کاریان بۆکراوەو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦– ١٩٩٧ براون بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر پاراستنیانو سەلامەتی ژیانیان لەتیرۆری بەعس .

بەڵام بەداخەوە ئەوان لەوێ لەژێرکاری تاقەت پرۆکێندا ڕۆژگار بەرێدەکەنو داهاتی ڕۆژانەشیان نزمە.

## ناوی دەرباز بووەکان:

| ز | ناوی دەربازبوو | شوێنی نیشتەجێ بوونی رابوردوو | شوێنی کۆمەڵکوژییەکەی | نیشتەجێی ئێستا | تەمەن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | فەرەج محمەد عەزیز | قادرکەرەم – گوندی تۆپخانە | بیابانەکانی رومادی | ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-مێرلاند | ١٩٥٠ |
| ٢ | عەزیز وەهاب محمد | خدر ریحان –قادرکەرەم | بیابانەکانی رومادی | ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩6٣ |
| ٣ | رەمەزان عەلی سلێمان | خدر رێحان –قادرکەرەم | بیابانەکانی رومادی | ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١966 |
| ٤ | واحیـــد عەبـــدول حەمە سەعید | کانی قادر- قادر کەرەم | بیابانەکانی رومادی | ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩٦٥ |
| ٥ | ئەنوەر محەمەد رەزا {ئەنوەر تەیار} | چەم سورخاو- قادر کەرەم | بیابانەکانی رومادی | جارێکی تر بێسەروشوێن کراوەتەوە . | |
| ٦ | تەیمور عەبدوڵا ئەحمەد | کوڵەجۆ – تیلەکۆ | بیابانەکانی سەماوە | ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- | ١٩٧٦ |
| ٧ | محەمەد عەلی ئەحمەد حەمە عەلی عەلیان | تیلەکۆ - عەلیان | حەزەر - موسڵ | لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو | ١٩٥٦ |
| ٨ | ئەبابەکر عەلی سعید | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ – دهۆک | کورێمێ –دهۆک | ١٩٦٣ |
| ٩ | عەبدالقهار خەلیل | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ – دهۆک | کورێمێ –دهۆک | |
| ١٠ | عەبدالکەریم نایف حەسەن | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ – دهۆک | دهۆک - گرێباس | ١٩٦٧ |
| ١١ | هاشم محەمەد رەشید | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ –دهۆک | سلێمانی - سەرکارێز | |
| ١٢ | صدقی عبدالقادر فتاح | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ –دهۆک | |
| ١٣ | فەتاح عەبدولقادر | کورێمێ –دهۆک | کورێمێ –دهۆک | جارێکی تر بێسەروشوێنکرایەوە | |
| | | | | | |

**ناوەندی هەڵەبجە**

دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد – چاک

**2010/12/17**

ناوەندی هەڵەبجە- دژ بەئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاک

**E: chak.kurdistan@yahoo.com**

**TL: 07701520287**

**07501223421**